# 1- یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (6)ی ساڵی 2010 لە هەرێمی کوردستان _ عێراق

## بەشی یەکەم

## پێناسە و ئامانجەکان

**ماددەی یەکەم :**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ، لەم یاسایەدا ، ماناکانی بەرامبەریانە :

**یەکەم** : هەرێم : هەرێمی کوردستان _ عێراق.

**دووەم** : وەزارەت : وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم.

**سێیەم** : وەزیر: وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم.

**ماددەی دووەم :**

وەزارەت بۆ جێبەجێ کردن و وەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە هەوڵدەدات :

**یەکەم** : دانانی ستراتیجیەت و سیاسەت و پلان بۆ پەرەپێدان و گەشەپێدان و وەبەرهێنانی کەرتی کشتوکاڵی (رووەکی و ئاژەڵی) و سەرچاوەکانی ئاوی (سەر زەوی و ژێر زەوی) لە هەرێم بۆ وەدیهێنانی باشترین بەکارهێنانی سامانی ئاو و جێبەجێ کردنی پلانی ستراتیژی پێنج ساڵەی کەرتی کشتوکاڵ لە پێناو کیفایەتی خۆیی لە مەوادی خۆراکی هەرێم لە بەروبوومە کشتوکاڵیەکاندا .

**دووەم** : ئامادەکردنی لێکۆڵینەوی سودی هونەری و ئابووری بۆ ئەو پرۆژانەی کە سەر بە وەزارەتن و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی تایبەتی لەوانەش: لێکۆڵینەوەی ڕووپێوکردنی خاك و ئامادەکردنی نەخشەی بەروبوومی کشتوکاڵ و ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و دانانی نەخشەی



هاوپێچ ژمارە (٢)

ئەندازەییەکان و ئامادەکردنی بەرنامەی گەشەپێدان و کارکردن لەسەر سەرپەرشتی کردن و بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی وەزارەت بەپێی پلانە بڕیار لەسەر دراوەکان.

**سێیەم:** دامەزراندنی پرۆژە ستراتیژیەکان لەوانەش: دامەزراندنی بەنداو و پرۆژەی ئاودێری، پرۆژەکانی پاراستنی سامانی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی بە بەکارهێنانی ئامێری تازە بابەت.

**چوارەم:** کارکردن بۆ ڕێکخستنەوەی ژێر خانی کەرتی کشتوکاڵ بە جۆرێك کە گەشەپێدانی بەروبوومی کشتوکاڵی بەهەردوو بەشەکەیەوە ڕووەکی و ئاژەڵی گەشە پێدەدات.

**پێنجەم:** دانانی پلانی تایبەتی بۆ نەهێشتنی مەترسیەکانی لافاو و کۆنترۆلکردنی سێلاو (السیول) و بەڕێوەبردنی ئاوڕێژی (حەوزی) ڕووبارەکان و ڕێکخستنی دابەشکردنی ئاو و ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی و چارەسەرکردنی ئاسەوارەکانی لەسەر سەرچاوەکانی ئاو.

**شەشەم:** بنیادنانی تاقیگە و وێستگەی تاقیکردنەوە و گەشەپێدانی بنکەکانی توێژینەوەی کشتوکاڵی و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی زانستی بە هاوکاری لەگەڵ زانکۆکان و کارکردن بۆ گشتاندنی ئەنجامی توێژینەوەکان و گەیاندنیان بە جوتیاران لە ڕێگەی دامودەزگاکانی ڕێنماییکردنی کشتوکاڵییەوە بە مەبەستی پەرەپێدانی چەندایەتی و چۆنایەتی بەرهەم.

**حەوتەم:** پێشنیارکردن و توێژینەوە لەو ئامرازانەی کەدەبنە هۆی زامن کردنی بەکارهێنانی زەوی وزاری کشتوکاڵی و کارکردن بۆ وەبەرهێنانی و پاراستنی و چارەسەرکردنی جۆری ئاو و پەرەپێدان و چاککردنی دامەزراوەکانی ئاودێری و خاك لە ڕێگای جەخت کردن لەسەر جێبەجێ کردنی یاساکانی کشتوکاڵی و ئاو و ژینگە بە جۆرێك کە لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتیەکاندا بگونجێت.